# من هەر گوێ لە چاوت دەگرم ..

هۆنراوەی شالاو



کەچاو دەبڕمە چاوی تۆ ..،
هەرچی دەڵێ ی دڵنیا بە ..،
بێ ڕاڕایی و بێ دوودڵی ..
بیدرکێنە ..
مەپرسە لێم ..
چیم بەسەر دێ ..
هەر دڵ هەیە .. فەرموو ئیتر
بیشکێنە ..!
مەپرسە لێم
بە کام ووتەی لەسەر زارت
گڕ بەر ئەدەی لە دەروونم
تاو دێنی بۆم ..
قەت مەپرسە ..،
کام وەڵامت هێندە رەقە ..!
کە دەشکێنێ دڵ و ئەژنۆم
چونکە گوڵم ..!
کاتێ کە تۆ دێیتە قسە ..،
ووشەکانت هێدی هێدی
وەک پەپووڵە بە سەرسەرما
هەڵدەفڕن ،،،!
ئیتر منیش ئارام دەگرم ،
گەر دەزانی یان نازانی !
با پێت بڵێم ..،
من هەر گوێ لە چاوت دەگرم ..